# خەلیلزادیش ریکلام بۆ مام جەلال ئەکات !؟

**ئاسۆعەبدوللەتیف**

کاتێ سەرکردایەتی سیاسی کورد رازییە بەوەی لە چوارچێوەی عیراقدا بژی و شەرعیەتی داوەتەوە بە عیراقی خەردەل و سیانیدو بکوژی هەڵەبجەو گەرمیان، باوەرێکی سەیرم بۆ دروست بوە لەوەی کە سندوقەکانیش ئەمجارە بۆ کورد سندوقی کەرامەت و رێزو سەروەری نابن، کورد بەپێی رێژەی دانیشتوانیش کورسی نەدراوەتێ لەو ئەنجومەنی بەناو نوێنەرانەداو کورسیەکانی کورد بە خاتری سوننە کەمکرانەوەو بۆشی نییە قسە بکات، بەڵام رەنگە وەعدی چەوری پێ درابێت کە ئەم رەوشەی لێ تێك نەدەن، ئەی ئەوەنییە سەفیرێکی موفەزەل و دیبلۆماتی ئەمریکی وەکو زاڵمای خەلیلزاد کە قسەکانی سەنگی سیاسیان هەیە، لە کاتی دانانی بەردی بناغەی زانکۆی ئەمریکی لە سلێمانی لە 11/12/ 2005 بەئاشکرا ریکلامی بۆ مام جەلال و لیستەکەی کردوو ووتی هیواخوازم ئەنجومەنی نیشتیمانی سەر لەنوێ دەنگ بدەنەوە بە مام جەلال بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری، ئەمەش لە راستیدا دەکرێت زیاد لە خوێندنەوەیەکی بۆ بکرێت کە سادەترینیان ئەوەیە کە کورد ئەزانێت هێلکەکانی خۆی چەندەو خستویەتیە کام سەبەتەشەوە؟ وە ئەگەر هێلکەکانی ئەمجارەی کەمە بۆچی کەمەو ئەی بۆچی لەناو ئەو سەبەتەیەدایە کە جێ پەسەندی سەفیر خەلیلزادە؟

باشە 15کورسی سلێمانی و 13ی هەولێرو 7ی دهۆك و 9ی کەرکوك هێزهەیە بیگەیەنێتە 77 کورسیەکەی پێشوو؟ ماتماتیکێکی سەیرە گوڵم؟ کێ لەم بێدەنگیە بەرپرسیارە؟ ئایا ئەو کورسیە کەمخوێنانەی کورد لە پەرلەمان قودرەیان ئەشکێ کە مادەیەکی وەکو 58 جێبەجێ بکەن؟ لە کاتێکدا یەکگرتووی ئیسلامی و بزوتنەوەی ئیسلامی و پارتی چارەسەریش لیستی جیای خۆیان هەیە، کاتێ ئەم رێژە زانستی و ریازیاتە ئەمریکیە هەیە، لە پای چی ئێمەی کورد خەریکە ئەوماڵەی کورد ئەشێوێنین بە کێبرکێی ناشەریف و رەفزکردنی بەرانبەرودروستکردنی داستان و مێژویەکی نوێی یەکتر سرینەوەو خوێنڕشتن وەك کارەساتی 2005/12/6ی بارەگاکانی یەکگرتووی ئیسلامی لە بادینان و دراندنی لافیتەوپۆستەرو جەنگی دەرونی نێو رۆڵەکانی کورد کە دیموکراسیەت شەرمی لێ ئەکات؟

ئەشزانین بەغدای سبەینێ بەغدایەکی ترسناك و پڕمەترسیەو دەنگی کوردیش دیارەو هەموو کوردیش بە هەر دە پەنجەکەی دەستی دەنگ بدات ئینجا ئەو مەترسیانە نارەوێنەوەو کورسیەکانی رابردووش بەدەست ناهێنینەوە، وەبەغدای دوێنێش نابێت کەپۆستی سەرەك کۆمارو دەرەوەمان تیادا هەبوو، ئەگینا خەلیلزادیش ئەو ریکلام و پشتگیرینامەیەی نەئەدا بەگوێی رۆژنامەوانانی کورددا بۆ بەدەستهێنانەوەی ئەو پۆستە !! ئەوە سیحری بەغایە، وەك لە ووتارێکی پێشومدا ئاماژەم پێکرد کە بەغدا یەك خول و یەك وەرز میوانداری ئێمەی کوردی قبوڵەو ئەو وەرزەش گوزەشت، لای بەغا میوانداریی کوردەکان، شەوی یەکەم زێڕو شەوی دووەم زیوو شەوانی تریش بە تەنەکەو بەردوخۆڵی بیابانیشەوە بوەستێت باشە، کوڕینە ئەمە رەشبینی نییە و تەنانەت جەنگی دەرونیش نییە بەرلە هەڵبژاردنی 12/15 ئەوەندەی پێشبینی نوسەرێکی هەڵەبجەییە کە هێشتا چاوەکانی لە ووردە سیانیدوخەردەل پاك نەبۆتەوە، نەمرین مەهزەلە تازەکانیش ئەبینین، ئەوەش کە روو ئەدات ئەوە ئەو سەرکردایەتیە لێی بەرپرسیارە کە مەستی خۆشگوزەرانیەکانی خۆیەتی و نەوەیەکی پەستیشیان بۆ کورد خوڵقاندووەو داوای دەنگیشیان لێ ئەکەن، دواجار باشە بەزمانی نەنکم بڵێم خۆشە ئاگر خۆشە دوو خۆشە برا نەك وەك شوو!!